**وەزارەتی خوێندنی بالا و توێژینەوەی زانستی**
**زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر**
**زانکۆی تەکنیکی تەندروستی هەولێر**
**بەشی شیکاری نەخۆشیەکان**
**قۆناغی یەکەم**
**بایەت : کوردۆلۆجی**

# بابەت

# * رەخنەی ئەدەبی *

## ئامادەکردنی

## أبراهيم قادر بايز

## بەسەرپەرشتی

## م. كلثوم خاليد احمد

## ٢٠٢٠ - ٢٠٢١

# پێشەکی

رەخنەی ئەدەبی لە ئەدەبی کوردیدا ، وەک پرۆسەیەکی مەعریفی و هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبی ، پاش جەنگی جیهانی یەکەم و بەتایبەتی لەساڵەکانی بیستەکانی سەدەی رابردوو ، نەشونماو گەشەیەکی باشی بەخۆیەوە بینی پاش ئەوەی چەندین دەقی ئەدەبی ( شیعر ، کورتە چیرۆک ، ئەدەبی منالان ، وتاری ئەدەبی ) لە گۆڤار و رۆژنامەکانی ئەو سالانە هاتە بڵاوکردن. رۆشنبیران و نووسەرانی کوردی ئەو رۆژگارە لە چەند بوارێکی ئەدەبی و مەعریفی پێنووسی خۆیان تاقیکردەوە ، بۆ نموونە پیرەمێرد لە هەردوو بواری شیعر و رۆژنامەنووسی خاوەن دەست رەنگینی خۆی بوو ، هەروەها جەمیل سائیب لە هەردوو بواری چیرۆک و رۆژنامەنووسی ئەسپی خۆی تاوداوە ، شێخ نوری شێخ سالح لەبوارەکانی شیعری کوردی و رۆژنامەنووسی کوردی و رەخنەی ئەدەبیی کوردی زیاتر لە هاوەڵەکانی رۆلی بەرچاوی هەبوو ، بۆیە ئێمە بەپێویستمان زانی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەبارەیەوە پێشکەش بکەین.

شێخ نوری شێخ سالح هەرچەندە وەک هۆنیارێکی ناوداری شیعری نوێی کوردی ناسراوە ، بەلام لەبواری رەخنەی ئەدەبیشدا قەلەمی خۆی تاقیکردووەتەوە ، لەم بوارەدا بیست و پێنج ئەلقەی بەناونیشانی ( ئەدەبیاتی کوردی ) لە رۆژنامەی ( ژیان ) بڵاوکردووەتەوە ، کە وا هەفتانە هەموو پێنجشەممەیەک دەردەچوو. ئەلقەی یەکەم لەژمارە ( ٢٠ )ی رۆژی پێنجشەممەی١٠/ ٦ / ١٩٢٦ بڵاوکراوەتەوە ، و دوا ئەلقەی لەژمارە ( ٥٨ ) ئەو رۆژنامەیە لەرۆژی ١٩٢٧/٣/٢٤ بڵاوکراوەتەوە. رەخنەی ئەدەبیی کوردی تا بڵاوکردنەوەی بیست و پێنج ئەلقەی نووسینە رەخنەییەکەی شێخ نوری شێخ سالح لە رۆژنامەی ( ژیان ) دا زیاتر سەرزاری بوو ، جگە لەو جۆرە رەخنەیە لە نێو هەندێ لە شیعرەکانی مەلای جەزیری و ئەحمەدی خانی و نالی و کوردی و حاجی قادری کۆیی و مەحوی بەرچاو دەکەوێت ، کەوا بە جۆرە رەخنەیەکی ناوەوەی دەقی شیعری دادەنرێت ، بە لام نووسینە رەخنەییەکەی شێخ نوری شێخ سالح بەسەرەتایەکی کاریگەری رەخنەی نووسراو و چاپکراو و بڵاوکراوەی رەخنەی ئەدەبیی کوردی دادەنرێت ، بۆیە لەم دەلاقەیەوە ئەم لێکولینەوەیەمان سوود و گرنگیی خۆی هەیە.



# چەمک و پێناسەی رەخنەی ئەدەبی

وشەی رەخنە لەوشەی( Kritike )ی گریکی و (Criticism)ی ئەوروپییەوە هاتووە، وشەکەش لەبنچینەدا دوو واتا ئەبەخشێت :

١- جیاکردنەوە یان شیکردنەوە. ٢- حکومدان و هەڵسەنگاندن.

بە واتای حکومدان بەسەر شێک ، رووداو ، کردەوە ، تیۆر، بەرهەمی ئەدەبی، وتاردان ... هتد هاتووە، هەموو ئەمانەش بە مەبەستی دەرخستنی لایەنی باش و خراپی بەرهەم بەکارهاتون.

زاراوەی (النقد) لە فەرهەنگی زمانی عەرەبیدا، بە سێ واتای سەرەکی بەکارهاتووە: پێدان ، یان عەیب لێگرتن ، یان جیاکردنەوەی پارەی قەڵب لە پارەی نا قەڵب، وەک شاعیر دەڵێت: "تنفی یداها الحصی في کل هاجره نفي الدراهم تنقاد الصياريف"

کەواتە "واتای وشەی رەخنە بریتییە لە جیاکردنەوەی گران لە هەرزان " بەم پێیەش بیت هەر لەسەرەتاوە و لەگەل ئەدەبدا سەریهەڵداوە ، بۆیە ئەدەب و رەخنە دوانەیەکن ناتوانرێت لە یەکتری جیابکرێنەوە.

لەسەردەمی عەباسیەکاندا لێکۆلەرە ئەدەبیەکان ئەم وشەیەیان لەو واتایانە ئەخواست و بۆ ئەو بەرهەمەیان بەکاردەهێنا، کە بەهۆیەوە دەتوانین بەرهەمی چاک لە بەرهەمی خراپ و جوان لە ناشرین جیابکەنەوە.

واتە جیاکردنەوەی شتی باش بە شتی خراپ، ئیدی کارەکە ئەدەبی، یان هەرشتێکی دی بێت، یاخود" هونەری لێکولینەوە یان لێکدانەوەی دەقی ئەدەبیە، لە پێناو دیاریکردنی ئاراستەی ئەدەب و پێگەکەی لە رێرەوی ئەدەبیدا، لەگەڵ ئەمەشدا باشە و خراپە بە خوێنەر دەناسێنت.

وشەی رەخنەش لە کوردیدا واتە (رەخنەی تێبووە، کونی تێبووە، رەخنەی لێدەگری، خەوش و عەیب و ناتەواویەکانی دەخاتەروو) لە رەوشتی کەسێک، یان لەسیفەتی شتێک، یان کارەساتێک، بەلام دواتر رەخنەی ئەدەبی بوویە بە خۆگری مانا سەرەکیەکە و کۆی ئەو مانایانەی کە ئەم وشە دەیخوازێت، یان لە خۆیگرتوە.

لە بەرامبەر وشەی رەخنەشدا ، مامۆستایان علائەدین سوجادی زاراوەی نرخ شناسی و د. کامل بەسیر زاراوەی رەخنە سازیان بەکارهێناوە زانستی رەخنەش بریتییە لە زانست و هونەرێکی لێکدراو، کە بەهۆی دەستور و توانای تایبەتی و چێژی رەخنەگرەوە، دەتوانرێ بەرهەمی ئەدەبی چاک لە بەرهەمی ئەدەبی خراپ جیابکرێتەوە و واتای راست و ناراستی پێ جیابکرێتەوە و ئەو شوێنانەی کە هەڵەن بەهۆیەوە بدۆزرێنەوە ، یان بریتییە لە پێوانەیەکی زانستی بۆ هەڵسەنگاندن و بریاردان لەسەر باشی و دروستی و پۆلینکردنی دەقەکان بەپێی مەغزاکان.

# مێژووی رەخنەی ئەدەبی کوردی

وەک ئاشکرایە ئەدەبی کوردی مێژوویەکی دێرینی هەیە و کۆنترین جۆری ئەو ئەدەبەش، شیعر بووە، گوومانیشی تێدا نییە کە لەگەڵ لەدایکبوون و بەرەو پێشچوونی شیعری کوردیشدا رەخنەی ئەدەبیش سەری هەڵداوە و گەشەی کردووە و بەو پێیەی هەر لەگەڵ پەیوەندیکردنی دەقی ئەدەبی بە گوێگرەوە یان بە خوێنەرەوە، تێروانینی رەخنەییش بۆ پەسەندکردن یان پەسەندنەکردنی دەق سەرهەڵدەدات ئەگەر بەشێوەیەکی سادە و ساکاریش بێت و پێوانە رەخنەییەکانیش زانستی نەبن.

لەگەڵ ئەوەشدا چالاکی و بەرهەمی رەخنەییمان لەچاو بەرهەمی شیعریدا کز و لاواز دەبینرێت چوونکە تائێستاش وتار و لێکۆڵنەوەی رەخنەیی پێش سەدەی بیستەممان نەهاتووەتە بەردەست و ئەو بەرهەمە رەخنەییانەی کە هەن مێژووەکەیان دەگەرێتەوە بۆ ساڵانی بیستی سەدەی رابردوو بە دواوە کە رۆژنامەگەری کوردی تیایدا بەرەو گەشەسەندن چووە و چاپەمەنی کوردیش بەرەو پێش هاتووە.

لەگەڵ ئەو دیاردەی کزی و لاوازییەی رەخنەی کوردیشدا، دەکرێت ئەو راستییە بخرێتە بەرچاو کە لە قۆناغە جیاجیاکانی شیعری کوردی پێش سەدەی بیستەمدا چالاکی رەخنەیی لە ئارادا بووە و شاعیرانی کورد خۆیان لە بەرهەمە شیعرییەکانیاندا تێروانین و بۆچوونی رەخنەییان خستۆتە بەردەست و دەستنیشانی کۆمەڵێ پێوانەی رەخنەییان کردووە.

شاعیرێک لەو شاعیرانەش کە لە بەیتە شیعرییەکاندا کۆمەڵێ باسی رەخنەیی وروژاندووە، مەلای جزیرییە کە لەیەکێ لە دەقە شیعرییەکانیدا دەڵێ:



ئەحسەن ژ ڤی نەزمی لەتیف چەندی سڤک هاتی خەفیف

مەحبوب بدەستێ خوی شەریف نەقدی مە مووهرو سککەدا

ئەحسەن ژ ڤی وەسفێ رەفیع ئەشکال و ئەوزاعێن بەدیع

تێتن ژ نورێ وەک رەقیع بێ عەیب و نەقی و رەخنەدا

لەو چەند بەیتەدا، مەلای جزیری وشەی رەخنەی بەو واتایە بەکارهێناوە کە ئێستا بەکاری دەهێنن، لەپاڵ ئەو وشەیەشدا کۆمەڵێک زاراوەی رەخنەیی بەکارهێناوە کە هەریەکەیان تایبەتن بە چەند پێوانەیەکی رەخنەی شیعرییەوە، وەک (نەزمی لەتیف) و (سڤک) و (ئەشکال و ئەوزاعێن بەدیع)، بەو پێوانانەش ئەو بنەما رەخنەییە دەستیشان دەکات کە بەلایەوە: باشترین شیعر ئەو شیعرەیە کە وشەکانی جوان و چێژبەخش و رەوان بن و واتاکانیشی سوود بەخش بن.

شاعیرێکی تر کورد، کە بەوردی ئاوڕی لەچەند کێشەیەکی ڕەخنەیی داوەتەوە، ئەحمەدی خانییە، کە لە مەم و زینەکەیدا کۆمەڵێک پێوانەی ڕەخنەیی سەردەمەکەیمان بۆ دیاری دەکات، کاتێ دەڵێ:



لی هێڤی دکەم ژ موستەعیدان حەرفان نەگرن ل موستەفیدان

ئەڤ نامە ئەگەر خراپە گەر ڤنج کێشایە مە دگەل وی دوو سەد ڕەنج

نەوبارەیی تیفلی نەورەسیدە هەرچەند نەهن ڤەوی گوزیدە

لێ من ژ ڕەزان نەکر تەمەتوع مانەندی دزان بکەن تەتەبوع

لێرەدا خانی ئەو ڕاستییە دەخاتە بەردەست کە دەقی شیعری دوای لەدایکبوونی، لەلایەن ڕەخنەگرانەوە ڕەخنەی لێ دەگیرێت بۆی ئەمیش داوا لە ڕەخنەگران دەکات کە لەکاتی ڕەخنەگرتندا ڕەنج و ماندووبوونی شاعیریان لەبەرچاو بێت و ئەگەر کەم و کوڕییەکیش لە شیعرەکەدا هەبوو ئەوا نەیکەنە بەهانە و بەیەکجاری دەقەکە بەبێ سود و بێ کەڵک دابنێن چوونکە هەموو دەقێک کە ڕەسەن بێت و دزراو نەبێت وەک ڕۆڵەی شاعیر وایە و لای شاعیر خۆشەویستە و کەسیش پێی خۆش نییە کە بەخراپی لە منداڵەکانی بڕوانرێت. بەو تێڕوانینە خانی ئاوڕی لە باسێکی ڕەخنەیی گرنگ داوەتەوە کە کێشەی داهێنانە، هەر لای خانی و لەم دوو بەیتەدا کە دەڵێ:

ئەی خامە تەژی گەلەک درێژ کر ئەڤ نامە بەسە تە پڕ ڤرێژ کر

هەرچەندە کەلام شوبهی دوڕبەت بێ قەدر دبت دەماکو پڕ بیت

واتە: " ئەی قەڵەمەکەم تۆ درێژەت بە باسەکە داوە، ئیتر بەسە و لەکورتی بیبڕەوە چونکە وتەکان ئەگەر وەک گەوهەریش بن کە زۆربوون بێ نرخ دەبن ".وەک دیارە لێرەدا خانی باسێکی گرنگی ڕەخنەیی دەوروژێنێت کە ئەویش باسی کورتبڕییە لەدەقی شیعریدا و بۆخۆی تا ئەمڕۆش پێوانەیەکی ڕەخنەی شیعرییە و هەمیشەش داوا لە شاعیران کراوە کە هەوڵ بدەن بە کەمترین وشە، زۆرترین واتا بدەن بەدەستەوە.

لەبەرهەمی شیعری شاعیرانی کرمانجی خوارووشدا دەتوانرێت ئەو ڕاستییە بەدەست بهێنرێت کە چالاکی ڕەخنەیی هاوتەریبی چالاکی شیعر بووە و بەپێی کۆمەڵێک پێوانەی ڕەخنەیی چ شاعیران خۆیان بوون یان گوێگرەکانیان بوون ڕاوبۆچوونی ڕەخنەییان دەربارەی دەقی شیعری دەربڕیوە.


لەچەند بەیتێکی نالی دا کۆمەڵێک پێوانەی رەخنەیی خراونەتە روو کە لەبنەما گرنگەکانی رەخنەی ئەدەبی سەردەمەکە بوون. لەو بەیتەدا کە دەڵێ:



کەس بە ئەلفاظم نەڵێ خۆ کوردییە خۆ کردییە

هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی تالبی مانا دەکا

دیارە لێرەدا، نالی روو لەو کەسانە دەکات کە رەخنەیان لێ گرتووە و توانجی ئەوەین لێ داوە کە شیعر بەزمانی کوردی دەڵێت و شیعرنووسینیش بە کوردی بەهرە و هوونەرمەندیی تیایدا نییە، پێیان دەڵێ کە هوونەرمەندیی لەوەدایە کە چۆن توانیویەتی بەزمانی کوردی ئەو واتا جوان و ناسکانە دەرببڕێت، بەم پێیەش نالی لێرەدا بەو پێوانە رەخنەییە (وشە و واتا) شیعری هەڵسەنگاندووە کە بەلایەوە بەهای دەق واتای جوان و نوێیە نەک هەر بەتەنها وشە و واژەی جوان و زاراوە.




لەبەیتێکی تردا، نالی دەڵێ:

(نالی) عەجەب بەقووەتی حیکمەت ئینشا دەکا

مەعنایی زۆر و گەورە بەلەفزی کەم و بچووک

کەواتە لێرەدا نالیش وەک ئەحمەدی خانی دەسنیشانی ئەو بنەرەتە رەخنەییە دەکات کە بەلایەوە شیعری جوان و بەهادار ئەو شیعرەیە کە بەکەمترین وشە زرترین واتای دەربڕیوە .لەچەند بەیتێکی سالمیشدا باس لەو پێوانە رەخنەییانە کراوە کە لەسەردەمەکەیدا رەخنەگران بایەخیان پێداوە وەک لەم پارچە شیعرەیدا دەڵێ:

لەڕۆژی ئیمتیحانا دیم بەرابەر تالیب و مەعشووق — کەمەر بەستەی هونەر هاتن لەتیپی عیشق بازانا

لەیەک لا نالی و مەشوی لە لایی سالم و کوردی — لەهەنگامەی هونەرگەرمی تکا جو بوون لە مەولانا

لەمەیدانی بەلاغەتدا بەسواری مەرکەبی مەزموون — بەکوردی هەریەکە تازی سواری بوون لە بابانا

ئەو چەشنە شانازیکردنەی سالم بە توانای شیعری خۆی و شاعیرانی هاوڕێیەوە، پەردە لەسەر ئەو راستییە هەڵدەداتەوە کە بنەڕەتێکی گرنگی رەخنەیی لەو قۆناغە ئەدەبییەدا توانای بەکارهێنانی هوونەرکانی رەوانبێژی بووە، بۆیە دەڵێت" *شاعیرانی کورد توانیویانە رەوانبێژی عەرەبی بخەنە ژێر رکێفی خۆیان و بەزمانی کوردی لەمەیدانی ئەو زانستەدا ببنە سوارچاکی سەردەمەکەیان.*

# جۆرەکانی رەخنەی ئەدەبی

### ١- رەخنەی هۆنراوەیی:

ئەم جۆرە رەخنەیە، کۆنترین جۆری رەخنەی ئەدەبییە، رەخنەگری شیعر، دەبێت شارەزاییەکی باشی لە بواری میتۆدو رێبازو قوتابخانە و شێوازەکانی شیعر نووسین (کلاسیکی، نوێ) هەبێت، هەروەها دەبێ خاوەنی جۆرە لێکدانەوەیەکی کاریگەرو جیاواز بۆ دەقەکە، یان مەغزای، یان بیری سەرەکی شیعرەکە بێت, جگە لەمەش دەبێت خاوەن شارەزاییەکی باش بێت لە بواری ئەندێشەی شیعرییدا، تاوەکو بەسەرکەوتویی وێنە و زمان و تەکنیکی جیاوازو هونەریەکانی نێو دەقەکە بخاتەروو، کە زیاتر شاعیر بۆ دەرخستنی ئاستی بەرزی شیعر نوسینی خۆی بەکاریاندەهەێنێت، بەدەر لەمانەش رەخنەگری شیعریی، دەبێت خاوەن جۆرە زمانێکی بالابێت، لەو جۆرە زمانەی لە نێو دەقی شیعرەکە بەکارهاتووە.

### ٢- رەخنەی پەخشانی:

ئەو جۆرە رەخنەیەیە کە لەو دەقانە وەردەگیرێت، کە بەشێوەی پەخشان نوسراوەتەوە، تیایدا پەخشاننوس بەهۆی بەکارهێنانی هونەری پەخشان و کاریگەری رستەکان و رەوانبێژی، جگە لەوەی لەدەقی پەخشاندا لەگەل هەبوونی جۆرە سەروایەکی لەیەکچوو، پێویستە جۆرە بیرێکی مۆسیقیی بە کۆتایی رستەکان ببەخشرێت، بەمەرجی ئەم جۆرە سەروایە لەسەر یەک جۆر نەروات، بەلکو دەبێت پەخشاننوس هەماهەنگی و هەمەجۆری لە بواری سەرواکانی کۆتایی رستەکان دروستبکات، جگە لەمەش رەخنەی پەخشانی کار لەسەر تەواوی ئەو دەقانەی تری پەخشان دەکات، وەک (وتار، سەرگوزشتە،.....هتد) لە هەمان کاتدا رەخنەگری ئەم بوارە دەبێت زۆر شارەزا بێت لە تایبەتمەندی رەوانبێژی و بونیادی پەخشانەکە، جگە لەوەی دەبێت شارەزاییەکی باشی هەبێت لە بواری واتاسازی وشە و فرێزو ئیدیۆمی نێو دەقی پەخشانەکە.

### ٣- رەخنەی چیرۆکی:

ئەو جۆرە رەخنەیەیە کە کار لەسەر دەقە چیرۆکییە هونەرییەکان دەکات، بەمەبەستی دەرخستنی ئاستی زمان و گێرانەوە و کارئەکتەرو...... هتد دەق و هێزی نوسەر، مانایەکی تر.

ئەم جۆرە رەخنەیە ئاراستەی دەقی ئەو چیرۆکانە دەکرێ، کە بەشێوەیەکی هونەری نوسراون و جیاواز لە شێوازی حیکایەت گێرانەی نێو چیرۆکە میللیەکان، بەوەی بەزمانی سادە و ساکار نزیک لە قسەی رۆژانەی خەلکی دەگێڕرنەوە. رەخنەگری چیرۆک دەبێت

**شارەزایەکی باشی لە مەرجە هونەریەکانی بنیادی چیرۆک وەک پەخشانێکی هونەری هەبێت ، هەروەها دەبێ رەخنەگری ئەم بوارە، شارەزاییەکی باشی هەبێ لە بواری چیرۆکی هونەری ( کورتیلە چیرۆک ، چیرۆکی کورت ، چیرۆکی درێژ ).**


## ٤- رەخنەی رۆمانی :

**ئەو رەخنەیە کە کار لەسەر رۆمان دەکات و تێیدا بە وردی زمان و رەگەز و تەکنیک و بنەماو.....هتد تێیدا دیاریدەکات و پێگەی رۆماننوس و رۆمانەکە دیاریدەکات، بۆیە دەبێت رەخنەگری ئەم بوارە شارەزاییەکی باشی لەمەرجە هونەریەکانی بنیاتی رۆمان هەبێت ، جگە لەمەش شارەزاییەکی باشی هەبێ لە نێوان جۆرەکانی رۆمان (رۆمانی کورت ، رۆمانی درێژ ) لە لایەک لەگەل جیاوازی بوونیان لەگەل چیرۆکی درێژ، چونکە ئەم دووجۆرە هێندە لەیەکەوە نزیکن، کەواتە رەخنگری رۆمان لە چاو جۆرەکانی تری دەقدا کارەکەی گرانترە، چونکە وربوونەوەی خاوەن بەرهەم و دەقی هێنراو بەگرانی تێدا دیاریدەکرێت.**

## ٥- رەخنەی شانۆیی:

**ئەم جۆرە رەخنەیە ئاراستەی دەقە شانۆییەکان دەکرێت ، رەخنەگری ئەم بوارە، پێویستە شارەزاییەکی باشی هەبێت لە جۆرەکانی شانۆ و سەرجەم مەرجە هونەریەکانی شانۆ و تە کنیک و پیکهاتە.... هتد، چونکە لێرەدا دەتوانین دەقێکی شانۆیی دروست و سەرکەوتو دەستنیشانبکات، هەروەها دەبێت خاوەن ئەزمونێکی باش بێت لە بواری شانۆ و کاری شانۆییدا، لێرە ئەرکی رەخنەگرتنەکەی بە هێزتر و ئەکایمی دەکات.**





## ڕەخنەی ئەدەبی لەنێوان زانست و هونەردا

ڕەخنە زانستە، چونکە بە پێی ڕۆشنبیری و ئاگاداریەکی فراوان و قوول، لەسەر ڕێرەوێکی دیار دەڕوات و لە بەرهەمی ئەدەبی ئەکۆڵێتەوە و بە پێوانەیەکی بابەتی هەلیئەسەنگێنێ و هەموو لایەنەکانی ڕەچاودەکات و بڕیاری لەسەر دەدات، وەکو لایەنی جوانی و دەروونی و فەلسەفی و ئایدۆلۆژی و کۆمەلایەتی و زمانەوانی و ... هتد، واتە هەر شتێک توانرا پێوانە بکرێت و ڕێژیەکی دروست بخاتەروو، زانستە.

لە هەمان کاتدا هونەرە، چونکە بە گوێرەی کەسێتی ڕەخنەگرەکە ئەگۆڕێ و لایەنی کاریگەری تا ڕادەیەکی زۆر ڕۆلی هەیە لە بردنە پێشەوەی بابەتەکەدا و ڕێگە بۆ ڕەخنەکە خۆش ئەکات و هەست و سۆزی ڕەخنەگر بەتەوژمی سۆز و بیری نوسەر، یان شاعیرە کە قوولتر ئەکات، هەرچەندە ڕەخنەگر ناتوانێ خۆی لە کارتێکردنی بەرهەمەکەوە دوورە پەرێزبگرێ، کەواتە لە ئەنجامدا ئەم هەست و سۆز بزواندنە لە کاتی هەلسەنگاندن و ڕادەربڕیندا، تێکەڵ بەو باوارانە ئەبێت، کە بەرامبەر بەرهەمەکە پیشاندەدرێت بەم پێیەش ڕەخنەی ئەدەبی هونەر و زانستە، ئەم دوو لایەنە کارێکی زۆر ئەکەنە سەر نەشونماکردنی ڕەخنەیکی قوول و سەرکەوتوو.

## کار و مەبەستی ڕەخنە

١- لێکولینەوە لە دەقی ئەدەبی، دەروونی، کۆمەلایەتی ...... تاد ، و دەرخستن و هەڵێنجانی تایبەتمەندی و لایەنە باشەکانیان.

٢- دیاریکردنی پێگە و ڕۆلی دەقەکە لە ڕێرەوەوە هاوشێوەکانیدا.


٣- دیاریکردنی ئاست و ڕادەی کاریگەری و بە سودی لەسەر کۆمەلگە، یان کارەکانی هاوشێوەی خۆی.

٤- هۆکارێکە بۆ ڕێگرتنی خوێنە ر لەسەر خویندنەوەی کاری خراپ و خاوەن کەموکوڕی.

٥- دەرخستی ئاست و ڕادەی توانستی نوسەر لە بوارەکەی خۆیدا.

٦- ڕێگە نیشاندەر و کار ئاسانکەرە بۆ خوێنەر.

٧- پێوانەیەکی زانستی دەقە.



# سیفەتەکانی رەخنەکر

بەو پێیەی رەخنەگر هەلسەنگێنەری هەمە لایەنی جۆرە بابەتێکە، بە مەبەستی خستنەروی ئاستەکەی و دیاریکردنی لایەنە باش و خراپەکانی دەق بۆ خوێنەر، بە مەبەستی زیاتر سوود وەرگرتن لە دەق، یان کە سێکی خاوەن ئەزموون و پسپۆری تایبەتە و رۆشنبیرێکی پشوو درێژو وردبینە، لەم رێگەوە دەتوانێت بڕیار لەسەر راستی و دروستی و تەواوی و کەم و کورِی بەرهەمێک بدات، بە م پێیەش بەبێ رەخنە نەبەرهەمهێنەر، نەخوێنەر بە باشی سود لە بەرهەمەکە نابینن، لەگەل ئەوەشدا پرۆسەی داهێنانیش بوونی نابێت، لەم روانگەوە رەخنگر خاوەنی چەند تایبەتمەندییەکە لەوانە :

١- دەبێت لەبوارە مەعریفی و زانیاریەکاندا، خاوەن ئاستێکی بەرزی رۆشنبیری و خاوەن زانیاریەکی فراوان بێت ، تا بتوانێت لە راستی بیرو بۆچوونەکانی خاوەن دەقە هەڵبژێراوەکان بگات و بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە دەقەکان بۆ پرۆسەی رەخنەکەی هەڵبژێرێت

٢- شارەزایی باشی هەبێ لە بوارەکانی سروشت و رەگەزی ئەو دەقە ئەدەبییە، یان هونەرییە، یان زانستیە، کە رەخنەی لێدەگیرێت.

٣- دەبێ بلیمەتتر و داهێنەرتربێت لە چاو خاوەنی ئەو دەقە و ئەو بەرهەمانەی رەخنەیان لێدەگرێت.

٤- دەبێ توانایەکی باشی هەبێت لە لێکدانەوە و شیکردنەوەی ئەو دەقەی هەڵیدە ژێرێت، یان ئەو وتار و بەرهەمەی رەخنەی لێدەگرێت.

٥- هەوڵبدات پسپۆری و تایبەتمەندی بۆخۆی لە بوارێکی مەعریفیدا دروستبکات، چ لە بواری رەخنەی هۆنراو، یان رە خنەی چیرۆک ... هتد

٦- دەبێ بابەتییانە لەگەل دە قە هەڵبژێراوەکان مامەلە بکات و لایەنی مەزاج و هەڵسوکەوتی لەگەل خاوەن دەق و بەرهەمەکان بخاتە لاوە.

٧- دەبێ شارەزاییەکی باشی هەبێت لە بواری چە شن و جۆرەکانی رەخنە، تا بە پێی بابەت و شێوازی دەق و بە رهەمە هەلبژێراوەکە، رەخنەی کاریگەر و سودبەخشی لێبگرێت.

٨- نابێ بە زۆرە ملێ جۆرە زانیارییەکی رەخنەیی بەسەر دەقێکدا بسەپێنێت، چونکە ئەم جۆرە کارە هەم ئاستی لاوازی رەخنەگر و هەم رەخنەکە دەردەخات.

٩- دەبێت خاوەن شێواز و زمانێکی رەخنەیی باش و تایبەت بێت، تا بە هۆیەوە زیاتر بناسرێ و خوێنەر سودێکی باشترو کاریگەرتر لە رەخنەکانی وەربگرن.

١٠- دەبێت توانای گەیاندنی چێژی هونەری و خۆشی دەقەکە بە خوێنەران هەبێت، تاوەکو بە ئاسانی بچێتە جیهانی دەق و بەرهەمە هەڵبژێردراوەکان و رەخنە لێگیراوەکان.

١١- دەبێت رەخنەگر ئەو دەقەی هەڵبژێرێت، بۆ چەند جارێک ئەو دەقە بخوێنێتەوە و هەموو جارێک تێبینییەکانی تۆماربکات و بەراوردیان بکات. تاکو دوا بۆچوون و بریارە رەخنەییەکانی هەم سەرکەوتوبن، هەم لەگەل میتۆد و جۆرەکانی رەخنەدا بێتەوە.

١٢- رەخنەگر دەبێت هەم خوێنەرێکی بەردەوام ، هەم زیرەک بێت.

١٣- ئاگاداری تەواوی میتۆدە کۆن و نوێکان و هەموو ئەو رێباز و روانینانە بێت، کە بەردەوام لەسەر رەخنە بلاودەکرێنەوە. ١٤- ئەفلاتون دەڵێت" رەخنەگری راستەقینە کە بە خاوەن حیکمەت و ئازایەتیی جیادەبێتەوە. توانای ئەوەی هەیە ئەوانی تر بەرەو ئەوە ببات، کە رەخنە لە یەکتری بگرن.

## سودەکانی رەخنەی ئەدەبی

١- بەرزکردنەوەی ئاستی تێگەیشتنی خوێنەر لە دەقێکی هەڵبژێرراودا، چونکە خوێندنەوەی هەندێک لە دەقەکان، پێویستی بە بلیمەتی رەخنەگرە، تا زیاتر شارەزایی پەیدابکات لەبارەی ئەپستمۆلۆژیای بەرفراوانی ئەم دەقانە.

٢- دیاریکردنی لایەنە باش و خراپەکانی دەقە هەڵبژێرراوەکان، بەمەبەستی راستکردنەوەی پرۆسەی داهێنانی نوسەرەکانیان، بۆ ئەوەی ئەم دیاریکردنە لە داهاتودا ببێتە هاندەرو فاکتەرێکی باش و کاریگەر لە نووسین و داهێنانی دەقە نوێکان.

٣- تۆمارکردنێکی ئەکادیمی و زانستیانەی رەوتی دروستی رەگەزە ئەدەبیە هاوچەرخەکان، بەمەبەستی بەشداریکردنی ناراستەوخۆ و تۆمارکردنی مێژوی ئەدەبیاتی هاوچەرخی گەلی خاوەن دەقە هەڵبژێردراوەکە.

٤- لە خزمەتکردنێکی راستەوخۆی جۆری ئەدەبی و مێژوی ئەدەبدایە لە زانستی ئەدەبیدا، چونکە رەخنەی ئەدەبی لقێکی گرنگی زانستی ئەدەبیاتە.

٥- دیاریکردنی ئاستی سەرکەوتنی رەخنەگر، لە پرۆسەی خوێندنەوە و هەڵبژاردن و هەڵسەنگاندن و دوا بریاری رەخنەی ئەکادیمیانەی رەخنەگر، چونکە دەبێ بلیمەتترو داهێنەرتر بێت، لە چاو نوسەری دەقە هەڵبژێراوەکان.

# سەرچاوەكان


1. مجلة الأستاذ العدد 209 المجلد الاول 2014 م 1435ه
2. د. لوقمان رووئوف، كتێبی رەخنەی ئەدەب ، ٢٠١٧سلێمانی
3. د. مصطفی عبدالرحمن ابراهیم، في النقد الأدبي القديم عند العرب، مككة للطباعة ، القاهرة 1987، ص7.
4. د. عبد المعطي الشعراوي، النقد الأدبي عند الاغريق و الرومان، مكتبة الأنجلو المصرية، القاهرة، 199 ، ص 7.
5. لسان عرب، ج 17، ص4517، ط دار المعارف و قاموس، ج 1 ص 341، و محتار الصحاح ص 675.
6. د. سعد الضلام، النقد الأدبي، مطبعة الأمانة، ص9.
7. كتێبی رێزمان و ئەدەبی كوردی بۆ پۆلی دوانزدەهەم - وەزارەتی پەروەردەی حكوومەتی هەرێمی كوردستان.
8. د. عادل گەرمیانی ، رەخنەی ئەدەبی ، وانەكانی كۆرسی خوێندن.
9. عبد المعطي الشعراوي، النقد الأدبي عند الاغريق و الرومان، مكتبة الأنجلو المصرية، القاهيرة، 1999، ص120